# هەر گەش بینم          ئەحمەد دەشتی

ڕۆژگار هات و
دیسان خەمم هەر مایەوە
لە ناو دڵم داستانەکان
هەر ئازاری غوربەتیان گێڕایەوە
دیارە هێشتان نەورۆزی خەم
بێ هەتوانە و هەر لە برەوە
بۆیە بە ختی منی غەریب
لەوەتی هەم شین و زاری
هاودەمێکی زۆر دڵسۆزی برینانمە
لە گەل سروەی بەهارانیش
پایزی من نابڕێتەوە و
دوا مانگی سەرماوەز و
بەفرانباری زستانانمە
لەوەتی هەم ئەم دڵەی من
هەر ناشادی تیا زاوە و
لە غوربەت و دەربەدەری
تەنیا ژانی پەژارەکان
لەم دڵەی من هەڵڕژاوە
لەوەتی هەم ، من خاوەنی تۆسقالێکیش
لە ئاوازی شادی ژین نیم
هەر ئازارو گریانمە لە تاو دووری و
بێ نەوایی کوردستانە خەمبارەکەم
ئەوەی کەوا کەمێ دڵم شاد دەکاتن
تروسکەیێ لە ئارەزوو و هیواکانمە
لەسەر دۆندە دوور دوورەکان
گەشبینی ژین وەدی دەێنن

هەرچەند وەرزی بەهارانیش هەتا ئەمڕۆ
هەر پایزە و سەرماوەزم لە ئارایە
تەمەن دەڕواو بەفرانباری کەژی زستان
زۆر بەخەستی خۆی دەنوێنێت
بەهارانم ماڵ ئاوییم لێ دەکەن و
هەر وەکو شەمبەگڕی دووری دەمتوێننەوە
هەموو ساتێ ئەسرینی خەم هەڵ دەرێژم و
بۆیە لەناو شیعرەکانم
ئاهی سەردو حەسرەتەکان دەهونمەوە
بەڵام منی دوورە وەلات هەرچەند کەوا
بەرەو لوتکەی سپیش بڕۆم
ئەوینی دڵ بۆ تۆی ئازیز
قەت کەم نابێ و لام ون نابێت
هەر بە هیوام لەم خەرەندەی ڕۆژگاری تاڵ
ڕزگار ببی و ئارەزووەکان گشت وەدی بێن
منیش لەگەڵ بەفری سپی ترۆپکانم
بە دیداری تۆی شیرینم شاد بمەوە و
درک و داڵی ڕێگەی بەرزت
لە ژێر پێما ببینمەوە

❊ بەهاری 2004

بەیادی غوربەتی لە مێژینەم و کوردستانی لە هەموو شتێکم و ژیانێکم خۆشەویست تر